# گەل ڕۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٦٧) یەکشەممە ٢٠٠٧/٢/٤


## سەرۆکوەزیرانی سلۆڤاکیا: عێراقێکی دیموکراسی خەون و خەیاڵە

رۆبەرت فیگۆ سەرۆکوەزیرانی سلۆڤاکیا رۆژی ٢-١-٢٠٠٧ ئاشکرای کرد کە وڵاتەکەی سەربازەکانی خۆی لەعێراق دەکێشێتەوە.

ناوبراو ئەو شەڕەی ئێستا عێراقی بە ستەمکاروهەڵە وباوەڕنەکردەنی ناوبردو دووپاتی کردەوە کە ١١٠ ئەندامی هێزی ئەندازیاری وڵاتەکەی لە عێراق کێشاوەتەوە، ئێستا لە وڵاتی کوێتن و بەمزووانەش دەگەڕێنەوە.

رۆبەرت فیگۆ مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٦ لەهەڵمەتی هەڵبژاردندا بەڵێنی دابوو کە ئەگەر سەرکەوتن بەدەست بێنێ هێزەکانی خۆی لە عێراق دەکێشێتەوە، ئێستا بەڵێنی خۆی دێنێتەجێ. ئەو سەبارەت بە عێراق دەڵێ: بوونی هێزەکانی بیانی لە عێراق کێشەو ئاڵۆزیەکانی قوڵتر کردۆتەوە، باشتروایە هێزەکانی بیانی عێراق جێبهێڵن، چونکە لێدوان لە بارەی عێراقێکی دیموکراسی خەون وخەیاڵە.

# سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئاگای لەوە هەبووە کە هێزێکی ئەمریکا پەلاماری کۆنسولگەری ئێران لە هەولێر دەدات

هەواڵەکان: چەند ماڵپەڕێکی تۆڕی ئینتەرنێت لە زاری کەسێکی نزیکی رێزدار نێچیرڤان بارزانیەوە ئاشکرایان کردووە کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوە ئاگادارکراوەتەوە کە هێزێکی ئەمریکا بە نیازە پەلاماری بارەگای کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر بدات.

بەگوێرەی هەواڵی ئەو ماڵپەڕانە کە پشتیان بە قسەی ئەو کەسە ئاگادارە بەستووە، دەڵێن: رێزدار نێچیرڤان بارزانی ئەوکاتەی کە لە ئەمریکابووە لەوە ئاگادارکراوەتەوە کە هێزێکی ئەمریکا پەلاماری بارەگای کۆنسولگەری ئێران لە هەولێر دەدات و کارمەندانی دەستگیر دەکات، رێزدار سەرۆکی حکومەتیش رەزامەندی خۆی پیشانداوەو بەڵێنی هاوکاریکردنی پێداون.

ئەوەی شیاوی باسە بەیانی رۆژی ١١-١-٢٠٠٧ هێزێکی ئەمریکا گەمارۆی کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە نێو شاری هەولێردا، لە هەڵمەتێکی کتوپڕدا دەستییان بەسەر کۆنسولگەریەکە داگرت،کۆمپیوتەرو پەروەندەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد، ٥ کارمەندی نێو کۆنسولگەریەکەش بەتۆمەتی ئەندامێتیان لە سوپای پاسداران و هاوکاریکردنی گروپە توندڕۆکانی ناو عێراق قۆڵبەست کران و بۆ شوێنێکی نادیار گوازرانەوە.

دوای ئەوە سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی فەرمیان بلاوکردەوە" نارەحەتی و نارەزایی خۆیان دەردەبڕی،هەروەها رایانگەیاند کە کونسوڵخانەی ئیران بە شێوەیەکی رەسمی و لەئەنجامی رێککەوتنامە لەنێوان عیراق و ئێران دا کراوەتەوە. ئەوان هیوایان خواست کە ئێرانیەکان ئازاد بکرێن. هەر لەم پێوەندیەدا وەزیری دەرەوە و حکومەتی بەغداد لەماوەی رابردوودا هەوڵی ئازادکردنی ئەوپێنج ئێرانیەیان داوە، بەلام تا ئێستا ئازاد نەکراون.

لەپێوەندی ئەو کێشەیەدا حکومەتی ئەمریکا ئەو شوێنە بە کۆنسولگەری ئێران نازانێ، پێوانەی پێگەی سیخوڕی بۆ دەکات، کارمەندانیش بەوە تۆمەتباردەکات کە دەستیان لەکردەوە توندوتیژیەکانی ناو عێراقدا هەبووە. ئەمریکا دووپات دەکاتەوە کەبە راوێژکردن لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق ئەو پەلامارەیان ئەنجام داوە، کەچی حکومەتی تاران ئەو تۆمەتانە رەتدەکاتەوەو رایدەگەیەنێ کەلەسەر داوای حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کۆنسولگەریەیان لە هەولێر کردبۆوە.

## سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ لە رۆژەڤدایە

هەواڵەکان: نوێنەری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کۆسۆڤۆ پرۆژەی خۆی بۆ جیاکردنەوەی کۆسۆڤۆ لە سربیا دارشتووە، بۆ ئەم مەبەستە رۆژی ٢-٢-٢٠٠٧ لەگەڵ بۆریس تادیک، سەرکۆماری سربستان کۆبۆتەوەو پێشنیارەکەی لەگەڵدا تاوتوێ کردووە.

مارتی ئاهتیساری نوێنەری رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان کە رۆژی هەینی لەگەڵ سەرکۆماری سربستان کۆبۆتەوە، دووپاتی کردۆتەوە کە باسی جیاکردنەوەی هەرێمی کۆسۆڤۆ کراوە، بەلام باس لە سەربەخۆی نەکراوە.

بەگوێرەی پرۆژەی پێشنیارکراو هەرێمی کۆسۆڤۆ خاوەنی ئالاو سوپای تایبەتی خۆی دەبێ و مافی ئەوەشی دەبێ کە نوێنەریکی لە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هەبێ.

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کردووە کە هەرچەندە لە پرۆژەی جیاکردنەوەی هەرێمی کۆسۆڤۆدا باس لە سەربەخۆیی نەکراوە، بەلام ناوەڕۆکی پێشنیارەکە خۆی لە خۆیدا ئامادەکاری بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکات. لە پرۆژە پێشنیارەکراوەکەدا باسی لکاندنی هەرێمی کۆسۆڤۆی بە وڵاتانی دیکە نەکردووە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە هەرێمی کۆسۆڤۆ بە وڵاتی ئەلبانیا نالکێنرێ.

ئەوەی شیاوی باسە سەرکردەکانی ئەلبانی نەژادەکان کە زۆرینەی دانیشتووانی کۆسۆڤۆ پێکدەهێنن راشکاوانە داوای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ دەکەن، بۆیە چاودێران لەوباوەڕەدان کە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ لە رۆژەڤدایە ولە داهاتوویێکی نزیکدا دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست دەبێ.

## CIA ئاماژە بە شەڕی نێوەخۆ دەدات

راپۆرتی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا کە رۆژی هەینی رابردوو بڵاوکراوەتەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەندێ لە کارە توندوتیژیەکانی ناو عێراق سیمای شەڕی نێوەخۆی هەیە، ئەمەش پێچەوانەی رامانی کۆشکی سپی ئەمریکایە کە بەردەوام شەڕی نێوەخۆ رەت دەکاتەوەو بە دووری دەزانێ.

ڕیپۆرتەکە دووپات دەکاتەوە کە ئەگەر هەنگاوێکی کردەویی و پێویست لەو بوارەدا بۆ راگرتنی توندوتیژی نێوان تایفەکان هەڵنەگیرێتەوە، رەوشی سیاسی و هێمنایەتی لەو وڵاتە ئاڵۆزتر و ترسناکتر دەبێ.

راپۆرتەکە روون دەکاتەوە کە سی ئای ئەی بە روونی ئادگاری شەڕی نێوەخۆ لە توندوتیژەیەکانی نا عێراق نابینێ، بەلام دیسانیشەوە بنەماکانی شەڕی نێوەخۆ وەدیارکەوتوون.

لەلایەکەی دیکەوە وەزیری بەرگری ئەمریکا سیمای شەڕی نێوەخۆ رەت دەکاتەوەو پێیوایە وێڕای ئەوەی کە چوار جۆر شەڕ لە عێراق بەردەوامە کەچی هێشتا هیوای ئارامبوونەوەی عێراق لە ئاسۆدا بەدی دەکرێ.

## دوای ئاگربڕ، پەکەکە بە" فڕۆکەی مۆدێل"ی بۆمبڕێژکراو هێرشەکانی دەست پێدەکاتەوە



بە گوێرەی راپۆرتی ساڵانەی "ئەنستیتۆی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوەی ستراتیژیک"، لە بەریتانیا، دوای تەواوبوونی وادەی ئاگربڕ ئیتر گەیلاکانی پاتی کرێکارانی کوردستان بە "فڕۆکەی مۆدێل"ی بۆمب رێژکراو، هێرشەکانی خۆی بۆسەر تورکیا دەست پێدەکاتەوە، ئەو فڕۆکانە لە رێگەی دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و پێویستیان بەوە نیە کە مرۆڤی لەگەڵ دابێ.

ئەو پەیمانگەیە ساڵانە، بە یارمەتی دەیان پسپۆر لە بواری هزری و سەربازی راپۆرتی ساڵانەی خۆی ئامادەدەکات، سەرچاوەی ئەم زانیاریە بە "ئەندامێکی هێزەکانی سیخوڕی تورک" دەناسێنێ و دەڵێ: پ.ک.ک لە هێرشە تازەکانی دا لە "فڕۆکەی بچووکی مۆدێل" کە بە ئاسانی لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێ، بۆ شوێنە دیاری کراوەکان کەڵک وەردەگرێ.

## لە جەژنی نەورۆزدا
## کەناڵی ئاسمانی نەورۆز دەکرێتەوە

هەواڵەکان: دوای راگرتنی تەلەفزیۆنی هەرێم کە تەنیا لەنێو شاری هەولێر وەردەگیرا، رەخنەی توند رووبەڕووی وەزارەت کرایەوە، بۆ راستەڕێکردنی هەنگاکاوەن، وەزارەتی رۆشنبیری بڕیاری داوە کە کەناڵێکی ئاسمانی بە نێوی نەورۆز دابمەزرێنێ، واش بڵاوبۆتەوە کە ئەو کەناڵە لە یەکەمین رۆژی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵدا دەست بەکار دەبێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان بەرنامەکانی ئەو کەناڵە بەسەر سێ تەلەفزیۆنی جیا کە ئەوانیش FarmeTV) و ZaroTV و LAWTV(ە دابەش دەکرێ، پەخشی یەکەم FarmeTV تایبەت بە دامودەزگا فەرمییەکانی هەرێم دەبێ و لە کاژێر ٨ ی بەیانی تا ١٤،٣٠ خولەکی درێژەدەکێشێ، بەشی دووەمی تایبەت بە منداڵان دەبێ و لە کاژێر ١٥ تا ١٩،٣٠ بەردەوام دەبێ، بەشی سێیەم لە کاژێر ٢٠ تا ١،٣٠ بۆ لاوان تەرخان دەکرێ و بایەخ بە گرفت و کێشەکانی ئەوان دەدات.

## رۆژەڤ

خۆپیشاندانی کەسوکاری گیراوە بێسەروشوێنەکانی کوردستان کە رۆژی ٢٨-١-٢٠٠٧ لەبەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو گەواهی ئەو راستیە دەدات کە هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆری ماوە سوود لە وانەی دیموکراسی وەربگرێ و بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو هەڵبگرێتەوە.

ئەگەر حکومەتی هەرێم بەکردەوە بنەماکانی دیموکراسی دەکار بکات، دەبێ رێگەی هەبوونی زیندانی نهێنی لەنێو هەرێمدا نەدات، دەبێ رێگەنەدات هێزەکانی ناوەخۆ بەبێ بڕیاری دادوەر وڵاتیان بڕفێنن و بێسەرو شوێنیان بکەن. ئەگەر دەمانەوێ کوردستان دیموکراتیزە بکەین، دەبێ رێگە لە کەسوکاری گیراوەکان نەگرێ کە سەردان و دیداریان بکەن یاخود پارێزەریان بۆ دابین بکەن.

هەندێک لەوانەی کە لە رێپێوانەکەدا بەشداریان کردبوو، رایاندەگەیاند کە مێرد، کوڕ، باوک یان برایان بەبێ هۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر گیراونو دادگەیی نەکراون. هەندێک جەختیان دەکردەوە کە هەواڵی گیراوەکانیان نازانن و دەیانەوێ بزانن لە کوێ راگیراونو زیندانی کراون!! هەندێک خوازیاربوون کە پەرلەمانی کوردستان بەهانایانەوە بچێ و چارەنووسی گیراوەکەیان بۆ ئاشکرا بکات!!

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بە خوێن و گیانبازی و قوربانیەکانی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان وەدەست هاتووە، نە موڵکی لایەنێکی دیارکراوەو نە بۆ لایەنێکی دیاریکراویش تاپۆ دەبێ، بۆیە پێویستە خاوەندارێتی لە تێکڕای کوردستانیان بکات و هاوێرکاری لە نێوانیاندا نەکات.

راستییێکی حاشا هەڵنەگرە کە پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان خواستی لەمێژینەی نەتەوەی کوردستان و دەستکەوتێکی نەتەوەیی و نیشتمانین، هەر تاکێکی کوردستان بە گوێرەی توانای خۆیەوە رەنجی بۆ کێشاوە، لە یەکێ لە قۆناغەکاندا خەباتی بۆ کردووەو بۆی تێکۆشاوە، کەواتە پاراستنی ئەو دەستکەوتانە خەم و ئەرکی هەمووانە، بەوهۆیەشەوە ئەرکی حکومەتە کە بەیەکچاو لە تێکڕای کوردستانیان بڕوانێ، لەچوارچێوەی یاسادا رەفتار لەگەڵ وڵاتیاندا بکات و فەرمانڕەوایەتیان بەسەردا بکات.

کاربەدەستانی کوردستان دەبێ ئەو راستیە بزانن کە هیچ کوردستانییێکی نیشتمانپەروەر لەگەڵ روخاندنی حکومەت دانیەو حەز بە شکست و هەرەسیشی ناکات، بەلام مافی رەوای خۆشیانە کە رەخنەی لێبگرن و چاودێری بەسەر کارەکانیەوە بکەن، پڕۆژەی بەسوود پێشنیار بکەن و هۆشیاری پێبدەن.

کاربەدەستانی کوردستان بەرلەهەموو شتێ دەبێ پێداگری لەسەر پتەوکردنی ریزەکانی چینەکانی کۆمەڵگەدا بکەن، لەپێناو پێشخستنی دۆزی رەوای نەتەوەیی و نیشتمانی خۆنەویستانە تێبکۆشن و درێژە بەکارەکانیان بدەن. هەرچەندە کاربەدەستان لە رێگەی لایەنێکی سیاسیەوە ئەو پۆستەیان پێدراوەو ئەندامی لایەنێکی دیاریکراویشن، بەلام لە کاتی فەرمانڕەوایەتیدا دەبێ خزمەتگوزاربن و فەرمانڕەوایانی هەموو کۆمەڵگە بکەن. ئەرکی کاربەدەستانە کە لە خەمی بژێوی کوردستانیان دابن و بە کردەوە پێشانی بدەن کە ئەوان خەمخۆر و خزمەتگوزاری هەموانن.

ئەگەر کاربەدەستانی حکومەت جیاکاری لەنێوان ئەندامانی حزبەکانی خۆیان و دیتراندا نەکەن، گومان لەوەدانیە کە کوردستانیانیش پەرۆشانەتر و لێبڕاوانەتر پشتیوانی و داکۆکی لە حکومەت دەکەن، بەلام خۆپێشاندانەکەی رۆژی ٢٨-١-٢٠٠٧ سەلماندی کە هێشتا حکومەتی هەرێم لە کۆت و بەندی ئەندامێتی و بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و لایەنگرانی رزگاری نەبووە. هێشتا هەوری نایەکسانی و نابەرابەری و هاوێرکاری ئاسمانی نیشتمانی بەرنەداوە، هێشتا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە داهاتووی خۆیان دڵنیانین. هێشتا ترس و گومان سەبارەت بە چارەنووس لە ئارادایەو دەبێ حکومەتی هەرێم بیرەوێنێتەوە.




## لەم ژمارەیەدا


ل٣
زۆرینەی بەرپرسە عێراقیەکان بە گەندەڵی تۆمەتبار دەکرێن

ل٤
کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی بەردەوامن لە مانگرتن

ل٧
شوێنەواری هەندێ دەرمان لەسەر جەستەی مرۆڤدا